## راستی چەواشە کراو؟ ... عرفان تارین

2007 .01/08

جەعفەری حەسەن پوور لە بەرواری 2006/11/05 دا بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) : نەخشەی عەلیزادە و ئەحمەدینەژاد بۆ لەنێوبردنی 'قەومی کورد' و 'ناوچەی کوردستان' لەسەر سایتی دیمانە خستە بەردەم خوێنەران. گوایە سەرنوسەری ئەم بابەتە هاتوە پەردە لەسەر راستیەکان لا بدات پاش زنجیرە وتووێژێک کە هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە لە رۆژنامەی ئاسۆ و چاودێر دا زۆر بە جوانی جوابی هەندێک پرسیاری داوەتەوە کە بۆ هەموان روون و ئاشکرایە، کەچی حەسەن پوور هاتووە و زیادتر راستیەکانی شاردووەتەوە و دەیەوێت بە بەکار هێنانی ئەدەبیاتێکی تەحقیر ئامێز خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان. هەر بۆ ئەم مەبەستە بە پێویستم زانی کە بە پێی توانای خۆم پەردە لەسەر ئەو راستیانە لابەرم کە جەحفەری حەسەن پوور لە جەماوەری کوردستانی شاردووەتەوە.

لێرەدا بە پێویستی نازانم کە باسی قسەکانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە بکەم، بەڵکوو لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەقی قسەکانی هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە بە بێ دەستکاری کردن دادەنێم، هەتا خوێنەران بتوانن خۆیان قەزاوەت بکەن، کە کێ دەیەوێت خەڵکی کوردستان لەنێو بەرێت.

سەرەتا کاک جەعفەر بە پێشەکییەک دەست پێدەکات کە تێیٚ دا دەڵێت: بەپێی قانونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا نەتەوەی فارسە کە پلە یەکە و نەتەوەکانی دیکە بە فەرمی نەناسراون و لەو یاسایەدا تەنیا باسی زمانەکانی "خەڵکی ناوچەکان" و "قەوم"ەکان (فارسی: زبانهای محلی و قومی) کراوە"

پاشان هاوڕێ ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەڵی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە بەوە تاوان باردەکات کە گوایە تەنها ئێران بە فەرمی دەناسێت و دەیەوێت بیکات بە سۆڤیەتی جاران. دیارە کە باشتر وا بوو کە حەسەن پوور بەبەڵگەوە قسە بکات و پێمان بڵێ کە لەکام نوسراوە، لەکام بەرنامەی کۆمەڵەدا هاتوە کە فەرزی نەتەوەیەک، یان ولاتێک بدرێت بەسەر نەتەوەیەکی تردا؟

حەسەن پوور دەڵێت هاوڕێ ئیبراهیم رەخنە لە کوردستانی فیدرال دەگرێت، پێمان نالێت کام کوردستانی فیدراڵ؟ ئەم فیدراڵییەی کە حەسەن پوور باسی لێدەکات، لەسەر چ بنەمایەک دامەزراوە؟ ئەم رۆ ئەوەی کە لە ئیراق و کوردستان دا هەیە تەنها یەکیەتی، پارتی و نەیارانی ئەوان نێویان لێناوە حکومەتی فیدراڵ. حەتا هیچ حکومەتێک نیە کە بتوانێت جواب بداتەوە بەداخوازیەکانی دانیشتوانی کوردستان و ئیراق. ئەوەی کە لە کوردستان و ئیراق دا هەیە دەسەلاتی دوو حیزبە نەک فیدراڵی. دیارە حەسەن پوور لەبیری چوەتەوە کە ئەو فیدراڵیەی کە خۆی هاواری بۆ دەکات، یان ئەمرۆ شوعاری رابەرانی ناسیۆنالیستی ئەوە بۆ خۆیان نەتەوەی کورد دەکەن بە دەرەجە دوو و ئیراق و ئیران بە فەرمی دەزانن. لە حکومەتێکی فدیرال دا دەسەلات بەدەستیی حکومەتی مەرکەزی دەبێت، و سێ شتی سەرەکی لەژێر دەسەلات دا دەبێت وەک هێزی سەربازی، و ئیقتساد، و سنورەکان. ئەم وەسیلانە ئامرازی داپلۆسێنەرن کە هەرکات لە ئارەزووی حکەمەتی مەرکەزی دابێت بەکاریان دەهنیت. لێرەدا نەتەوەی دەسەلات دار نەتەوەی دەرەجە یەکە و نەتەوەی کوردیش دەرەجە دوو.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا8-1-2007 17:57

هەر ئایدۆلۆژی، یان دەسەلاتێک جیاوازی لە نێوان نەتەوەکان دا دروست کرد، ناتوانێت چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بکات. ناسیۆنالیزم بۆ خۆی جیاوازی دەخاتە نیوان نەتەوەکان بە بەکار هێنانی سیمبۆلی وەک ئالا، سرودی نەتەوەیی، و هەروەها بە سنوردانان بە دەوری خاکی ولاتەکەی دا.
پاشان حەسەن پوور درێژە بە بابەتەکەی دەدات و دەڵێت:
"هەڵەکەی عەلیزادە لەوەدایە کە بۆ ناسین و چارەسەرکردنی زوڵمی نەتەوایەتی لە تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم کەڵك وەرناگرێ و پەنا دەبا بۆ تیۆرییەکانی سۆسیالیزم"
دیارە ئەگەر کەسێک تۆسقاڵێک سەری لەسیاسەی دەربچیت دەزانێت کە کەسێک کە ئامانجێکی جیهانی هەبێت، چۆن ئەتوانێت هاوزەمان ناسیۆنالیست بێت و کەڵک لە تیۆریەکانی نا سێۆنالیزم وەربگرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ لا بردنی ستەممی نەتەوەیی؟ دیارە کاک حەسەن پوور سەری لێشێواوەو و وەک بەچکە کەوەکەی لێهاتوە کە سەری دەکات بە نێو زەوی دا بەو هیوایەی کە کەس نەیبینێت.
ناسیۆنالیزم هیچ کات نەیتوانیوە کە چارەسەری کێشەی نەتوەیی بکات، بەڵکوو هەمێشە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ لا بردنی ستەمی نەتەوەیی دواخستوە، یان ئالۆز تری کردوە.. یۆگۆسلاوی کۆن، باشترین نمونەیە کە دەتوانین لێرەدا باسی لێبکەین. لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی کۆمۆنیستی "تیتۆ" هە موو ئەو نەتەوانەی کە یۆگۆسلاویان پێک هێنابوو، پێکەوە دەژیان. هیچ کەس دەست درێژی نەدەکردە سەر نەتەوەیەکی تر بەهۆی ئەوەی کە دینی، یان نژادی جیاواز تر بوو. بەلام پاش دەست تێوەردانی ولاتانی غەرب و دروست کردن و تەقویەت کردنی ناسیۆنالیزم، ئەوانەی کە تا دوینی دراوسێ بوون و بە ئاشتی و تەبایی پێکەوە دەژیان، بوون بە دوژمنی یەکتری و بە ملیۆنەها ئینسان بونە قوربانی.
بەرز کردنەووەی شوعاری فیدرالی بۆ خۆی بەر بەستێک دەبێت لە بەردەم لابردنی ستەمی نەتەوەیی.
ئەگەر حەسەن پوور نایهەوێت وەک رابەرانی فرمێسکی تیمساحی برێژێت بۆ خەڵکی کوردستان، با بێت ئەو چارەسەرە بۆ چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی پێش بخات، نەک دوای بخات.
پێم خۆشە بپرسم کە حەسەن پوور، یان هافکرانی ئەو چۆن دەزانن کە خەڵکێ کوردستان فدیدرالیان دەوێت، نەک سەربەخۆیی؟ دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵکی کوردستان چەوساوەتەوە، لەبەر ئەم تاکە هۆیە دەتوانم بە دلنیایەوە بلێم کە خەڵکی کوردستان، لە هەر چوار پارچەکەی خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن و ئەگەر لێی بپرسن کە لە نێوان فیدرالیزم و سە ربەخۆیی دا کامیان هەلدەبژێریت، بێگومان بێ ئەوەی کە یەک چرکە فکری لیبکاتەوە دەڵێت سەربەخۆیی. پێش ئەوەی کە ئەم حکومەتە بە نێو فیدرالیەی کە حەسەن پوور باسی لێدەکات لە کوردستانی باشور دا دابمەزرێت، لە ریفراندۆمێک دا پتر لە 90 % ی خەلکی کوردستان دەنگیان دا بە سەربەخۆیی، بەلام جەلال تالەبانی مامۆستا و رابەری مەزهەبی حەسەن پوور و تەواوی بەرەی ناسیۆنالیزمی کورد، هاودەنگ چاویان لەو راستیە داخست و هاودەنگ لەگەڵ ئەحمەدی نژاد و تورکیەو سوریەدا دەست لە نیو دەستی دوژمنانی کوردستان وتتیان کە خەلکی کوردستان دەنگیان بە فیدرالی داوە و بە زۆری چەک، و بە هەرەشە و ترس خستنە دڵی خەڵک، کوردستانیان کردەوە بە بەشێک لە ئیراق لە هەل و مەرجیک و دەرفەتێکی میژووی دا کە گەلی کورد دەیتوانی بەفیرۆی نەدات و بە ئاواتی خۆی بگات، ئەویش سەربەخۆ بوون.

8-1-2007 17:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

لێرەدا چارەسەر بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی، ریفراندۆمێکی ئازادە کە خەڵکی کوردستان تێدا بتوانن سەرنوشتی خۆیان دیاری بکەن. ئەوە خەلکی کوردستانن کە دتوانن ئەم بریارە بدەن، نەک حەسەن پوور، یان رابەران و هاوفکرانی ئەو.

دیارە حەسەن پوور، و هاوفکرانی ئەوە، نازانن ماناو مەفهوومی دێموکراسی چیە، لەبەر ئەوەی کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی، هەلژاردنی ئازاد، و بریاردان بە پێی زۆرینەی دەنگە.

تا ئەو جێیەی کەخەلکی کوردستان شاهیدی هەن، هیچ هەلبژاردنێکی ئازاد نە لە کوردستان، و نە لە ئیراق دا ئەنجام نەدراوە. ساڵی 1992 هەلبژاردنێک کرا، 13 ساڵ لەسەری شەر بوو کە پتر لە 16000 خەلکی کوردستان بوون بە قوربانی لە پێناو یەک کورسی دا کە هەریەک لە پارتی و یەکیەتی بە هیخۆیان دەزانی.

دەپرسم کە چلۆن دەتوانرێت لە ولاتێک دا کە شەر، کوشتن و تۆقاندن حاکمە، بتوانرێت هەڵبژاردنێکی ئازادانە بەرێوە بچێت؟ لە ولاتێک دا کە دانیشتوانی لەسەرەتایی ترین مافەکانی خۆیان وەک ئاو، کارەبا، ئەمن و ئاسایش بێبەشن؟ ولاتی ئیراق لە سالیَ 2003 داو لە کاتی هەلبژاردن دا لە نێو شەر و کوشتار دا گیری کردبوو و بە پێی بنەما نێو دەولەتیەکان، ئەو هەلبژاردنە نادروست بوو و تەنها تێئاترێک بوو کە دەرهێنەرەکەی جۆرج بووش بوو، وە ئەوانەی کە دوری سەرەکی لەم تێئاترەدا دەبینی جەلال تالەبانی، مەسعود بارزانی، وئەیاد عەلاوی وئیسلامیە توند رەووەکان بوون. دیارە کە ئەو هەلبژاردنە، نە ئازادانە بوو، وە نە ئەوانەی کە بوون بە نوێنەری خەڵک، کۆنە بەعسیەکانن وە هەروەها دەنگی زۆرینەی جەماوەری کوردستان بۆ سەربەخۆیی پشتگوێ خرا. لەبەر ئەمە دەتوانم بلێم کە حکومەتی کوردستان و ئیراق، هیچ رەپتێکیان بە خەڵکی کوردستان و ئیراقەوە نیە، بەڵکوو حەرەسی چاڵە نەوتن.

بریاردان بە پێی زۆرینەی دەنگ، وەک وتم سەرەکی ترین خالە لە سیستەمیکی دێمۆکراسی دا، بەڵام هەرچی من فکری لێدەکەمەوە، نەیاران و هاوفکرانی حەسەنپوور، کەمینەش نین لە کوردستان، و پتر لە 90 %ی خەڵکی کورد سەربەخۆیی دەوێت، کەچی حەسەن پوور هەروەک ولاتە داگیر کەرەکان، بۆ خۆی ئەو مافە لە خەڵکی کوردستان زەوت دەکات و بریاری کەمینە دەسەپێنیت بەسەر زۆرینەدا و بەزۆر پێیان دەلێت کە دبێت فیدرالی هەلبژێریت. لێرەدا ا فەر

قی حەسەن پوور و ئەحمەدی نژاد چیە؟ فەرقتان ئەوەیە کە ئەو بە فارسی قسەدەکات و تۆ بە کوردی؟ بەلام هەردووکتان یەک ئامانجتان هەیە، ئەویش دواخستنی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ لابردنی ستەمی نەتەوەیی و سەربەخۆ بوونی خەڵکی کوردستان.

لێرەدا دا ئەوە حەسەن پوور و هاوفکرانی ئەوە کە کە بە یارمەتیدانی ناسیۆنالیزمی فارس، تورک و عەرەب دەیانەوەێت خەلکی کوردستان بە ئاواتی خۆی نەگات و پێکەوە هەوڵ دەدەن بۆ لەنێو بردنی قەومی کورد و ناوچەی کوردستان، نەک هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە.

بۆ خوێندەوەی قسەو باسی هاورێ ئیبراهیمی عەلیزادە لەگەل رۆژنامەی چاودێر و ئاسۆ دا

**ئەم لینکانەی خوارەوە کلیک بکە:**

-1 http://www. komalah. org/kurdish/doc/Aso_61213. pdf

-2 http://www. komalah. org/kurdish/doc/Aso_61213. pdf

هەروەها بەرنامەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیستی ئیران بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ستەممی نەتەوەیی لە کوردستان دا، روون و ئاشکرایە و پێ ویست ناکات کە حەسەن پوور ئەو راستیانە لە خەڵکی کوردستان بشارێتەوە، یا خود خۆی بکات بە قارەمانی مێژوو و بیهەوێت پەردە لەسەر راستیەکان لابەرێت، چونکە کۆمەڵە هیچی لە خەڵکی کوردستان نە شاردوەتەوە و بە پێویستیشی نازانێت لە جەماوەری کوردستانی بشارێتەوە.
بۆ ئەوەی کە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ خۆیان راستیەکان بزانن، دەتوانن کە بۆ خۆیان راستیەکان چاو لێبکەن، نەک حەسەن پوور بە چەواشەکردنی راستیەکان بیهەوێت خۆڵ بکاتە چاوی خەڵکی کوردستان.

**ئەم لینکانەی خوارەوە کلیک بکە:**

3- http://www. komalah. org/kurdish/asnad/b2. pdf
4- http://www. cpiran. org/Asnad/index. html
5- http://www. cpiran. org/Asnad/index. html